زانکۆی هەڵەبجە
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتەکان
بەشی جوگرافیا
قۆناغی/ دوو


# بابەت: لێژی

ئامادەکردنی: گروپی یەکەم

بەسەرپەرشتی:
م. هێمن کەمال

# لـێژی:

واتە لادان یاخود لار بوونەوە لەئاستی ئاسۆی زەوی ، ڕێژەی لێژیش زیاد دەکات تاوەکو ئەندازەی لادان یان لاربوونەوە زیاد بکات.



٤٠
٣٠
٢٠
١٠
٠
٤٠
٣٠
٢٠
١٠
٠

# جۆرەکانی لێژی:

لێژییەکان پۆلێن دەکرێن لەسەر دوو بنەما: ئەوانیش پلەی لێژی و شێوەیان:

١ــ بەپێی پلەی لێژی: لێژییەکان بەپێی پلەی لێژیان چەن جۆرێکن:

١ــ لێژی کەم یان سووک: لێژییەکی کەمی هەیەو هێڵە کەنتورییەکان لێک دور دەکەونەوە بەهۆی گەورەی دووری ئاسۆی لەنێوان هێڵێک و هێڵێکی تردا، بەگشتی ئەو لێژیانە دەگرێتەوە کە پلەی لێژیان دەکەوێتە نێوان(١ــ١٥) واتە (١٪ بۆ ٢٧٪) بۆ زۆربەی چالاکیە مرۆییەکانیش گونجاوە.

# لێژی مام ناوەند:


بریتییە لەو لێژییەی کە دوری ئاسۆی نێوان هێڵە کەنتورییەکان یەکسان و مام ناوەندن، بەگشتی ئەو لێژیانە دەگرێتەوە کە پلەی لێژیان دەکەوێتە نێوان(١٥ـــ٢٥) واتە(٪٢٧ـــ٪٤٧)، ئەم جۆرەیان لەچاو لەچاو لێژی کەم کەمتر بەکار دەهێنرێت بۆ چالاکییە مرۆییەکان.

# لێژی زۆر:


ئەم جۆرەیان ئەو لێژیانە دەگرێتەوە کە هێڵە کەنتورییەکان تێیدا زۆر لێک نزیکن بەهۆی ئەو دوریە ئاسۆییانەی دەکەوێتە نێوان هێڵێک و هێڵێکی تر ، پلەی لاریێتیان بەراورد بەڕوی ئاسۆی زەوی (٢٥ــ٤٥)یە واتە (٪٤٧ ــ٪١٠٠)،لەکاتی بەکار هێنانیان بۆ چالاکییە مرۆییەکان زۆرتر توشی کێشە دەبنەوە.

# جۆرەکانی لێژی بەپێی شێوەیان:

١ —لێژی ڕێک و پێک: لەم جۆرەدا ڕووی لێژییەکە یەکسانەو لەسەر یەک ئاڕاستەو بەیەک شێوەو ئەندازە خوار بونەتەوە، واتە بەرز بونەوەو نزم بونەوەی زۆر لە ڕووی لێژییەکەدا نییە، لێرەدا دەکرێ لێژیەکە کەم یاخود مام ناوەند یاخود زۆر بێت، لەم بارەدا هێڵە کەنتوورییەکان بەشێوەیەکی دوورن و دابەش بوون واتە بەگشتی ماوەی نێوا  هێڵە کەنتوورییەکان یەکسانن بەدرێژای دامێنی چیاکە.





شكل رقم (٢٧) انحدار منتظم




# لێژی قوپاو:

ئەم جۆرەیان کاتێک دروست دەبێت کەلە بەشی سەرەوەی قەدپاڵەکە بەلێژییەکی زۆر یاخود بەهێز دەست پێ دەکات بەڵام ئەندازەی لێژییەکە لەناوەڕاست و داوێنی قەدپاڵەکە دەگۆڕێت و دەبێت بە لێژی مام ناوەند، لەبەر ئەوە لەبەشی سەرەوەی هێڵە کەنتوورییەکان لێک نزیکن بەڵام لەناوەند و داوێنی بەرزاییەکە بەدوورییەکی تاڕادەیەک یەکسان لێک دور دەکەونەوە.

شكل رقم (٢٨) انحدار مقعر







# لێژی قۆقز:


ئەم جۆرەیان بەوە ناسراوە کەلە بەشی سەرەوەی لوتکەکە لێژی کەمەو بەڵام کاتێک نزیک دەبێتەوە لەداوێنی چیاکە لێژی زۆر دەبێت بەتایبەت لەبەشەکانی خوارەوە، هەربۆیە هێڵە کەنتوورییەکان لەنزیک لوتکەی بەرزاییەکە لەیەک دوورن، بەڵام لەبەشەکانی خوارەوە، کاتێک نزیک دەبنەوە لەداوێنی چیا یاخود بەرزاییەکە هێڵە کەنتوورییەکان لێک نزیک دەبنەوە.

شكل رقم (٢٩) انحدار محدب

- أ -





- ب -



# لێژی ناڕێک:

لەم شێوەیەدا ڕووبەری زەویەکە شێوەیەکی دیاری کراو وەرناگرێت بەڵکوو هەندێک جار ئەو شێوەکانی تری لێژی لەمەیاندا دەر دەکەوێ، واتە ڕەنگە لەیەک قەدپاڵدا لێژی ڕێک و قۆقزو قوپاو بونیان هەبێ، هەندێکیان شێوە پلیکانەین کەلەم جۆرەدا هێڵە کەنتووریەکان بەشێوەیەکی ناڕێک دابەش دەبن و دوورییان لەیەکەوە چونیەک نییە واتە لێک نزیک دەبنەوەو لێک دور دەکەونەوە بەپێی سروشتی لێژییەکە کە تیایدا بەرزبونەوەو نزمبونەوەی تێدا دەبێت.

شكل رقم (٣٠) انحدار غير منتظم



# پێوانەی لێژی:

بۆ پێوانەکردنی لێژی پشت دەبەسترێت بە ستوونە جیاوازی و دووری ئاسۆی :

١-ستوونە جیاوازی نێوان دوو ئاست :بریتــییە لە جیاوازی بەرزی نێوان دووخاڵ لە دوو ئاستی جیاوازدا یان لە نێوان دوو هێڵی کەنتوور دەبێت ڕێژەکەی جێگیر بێت لە یەک نەخشەی کەنتووردا بەپێی پێویستی نەخشە بەرز و نزمیەکە بۆنموونە ئەگەر هاتوو ناوچەکە بەرز یان نزم بوو یاخوود کەم لێژ بوو یان لێژی زۆر بوو لە ناوچە تەخت و دەشتایەکان ستوونە جیاوازی (١) یان (٢) م دەبێت بەهۆی کەمی جیاوازی بەرز و نزمی ناوچەکە لە کاتێکدا بەهای ستوونە جیاوازی زۆر دەبێت کاتێک ناوچەکە ناوچەیەکی شاخاوی یان بان بێت بەجۆرێک (٥_٥٠ م) دەبێت لە ناوچەی بانەکان کە بەرزیان دەگاتە (١٠٠٠ م) و (١٠٠-٢٠٠م) دەبێت لە ناوچە شاخاویە بەرزەکاندا .

# دووری ئاسۆی:

دووری ئاسۆی بریتــییه له ماوەی نێوان دوو هێڵی کەنتووری لەسەر زەوی که لەسەر نەخشه کەنتووریەکه به شێوەی ئاسۆی دەردەکەوێت بەڵام له ڕاستیدا لەسەر زەوی ئاسۆی نییه لار یان لێژه دووری ئاسۆی دەگۆڕێت له شوێنێک بۆ شوێنێکی تر بەپێی سرووشتی ناوچەکه بۆنموونه ئەگەر هاتوو ئەگەر لێژی زۆر بوو ئەوا ئەو دووریه کەم دەبێت بەڵام ئەگەر لێژی کەم بوو ئەوا دووری نێوانیان زیاد دەکات .

# جۆرەکانی پێوانەکردنی لێژی:

١- پێوانی تێکڕای لێژی :تیکڕای لێژی پێوانە دەکرێ لەڕێگەی پەیوەندی نێوان ستونە جیاوازی و دوری ئاسۆی بە پێی ئەم هاوکێشەیە:تێکڕای لێژی=(ستونە جیاوازی)(دوری ئاسۆی)


٢-ڕژەی لێژی :هەمان هاوکێشەی سەرەوە بەکار دەهێنرێ و لێکدانی (١٠٠)تی دەکەین بەم شێوەیە:ڕێژەی لێژی =(ستونە جیاوازی)(دوری ئاسۆی)

٣—پلەی لێژی:بەدوو ڕێگە پێوانە دەکرێ:

أ-جێبەجێکردنی ئەم یاسایەپلەی لێژی=(جیاوازی ستونی *57.3)(دوری ئاسۆی)

# بەکارهێنانی ئامێری کلینۆمەتر:

ئەم ئامێرە بەکار دەهێنرێ بۆ پێوانەکردنی پلەی لێژی و سادەترین جۆری ئەو ئامێرەیە کە بۆ ئەم مەبەستە بەکار دەهێنرێ ،کەبریتیە لەنیوە بازنەیەک بەدەوری تەوەرەیەک دەسوڕێت بەجۆرێک (90)پلە بۆ سەرەوەو (90) پلە بۆ خوارەوە،هەروەها تولێکی کانزای پێوەیە بەرپرسە لەجولەی ئامێرەکە بۆ سەرەوەو خوارەوە هەروەها دوربینێکی بچوکی پێوەیە و لەڕێگەی سەیرکردنی لێژی مەبەست بەهۆی ئەم ئامێرەوە پلەی لێژی ناوچەکە دەپێورێت.



# ئەو کێشانەی ڕووبەڕوی لێژیەکان دەبنەوە:

**١ – داڕمان وخزانی زەوی بەشێوەکی هێواش:**

بریتیە لە خزانو هاتنە خواراوەی خاک  بەردو خۆڵی قەدپاڵی چیاکان بەشێوەیەکی هێواش و لەسەر خۆ یاخود هەندێک جار بەشێوەی بارستە بەردی گەورە تەنها بەشێوەیەکی هێواش دەخزێ  بەئاڕاستەی لێژی چیا یان بان یان دۆڵەکە ئەمە بەڕوونی لەو ناوچانەدا دەبیندرێت کە خاک و بەردو نیشتەنی داپۆشراوکاتێک باران دەبارێت ڕۆدەچێتە ناو خاکو بەردەوە تێری دەکات بێ ئەوەی ئەو ئاوە بەسەر زەویدا ڕێبکات و دەبێتە هۆی خزانی ئەومادانە لەسەرەوە بۆ ناوەندو بگرە بۆ دامێنی لێژیەکەش ئەم دیاردەیە بەهێواشی ڕوودەدات وە بەچەو نابیندرێت هەستیشی پێناکرێت تەنها هەست بە کاریگەریەکانی دەکرێت.



# ٢ : داڕمانە خێراکان:

ئەم جۆرە داڕمانە بەگشتی لە قەدپاڵەکان ڕودەدەن کەلە خاکی فشەڵی کۆبۆوە پێکهەتوە لەسەر چینە بەردە ڕەقەکان ئەستووری ئەو پێکهاتە خاکیانە زۆرە کاتێک پڕدەبێت یان تێردەبێت لەئاوی باران کەدەبێتە هۆی زۆربونی کێشی ئەو بارستە خاکە سەرەڕای ئەوەی لەهەمان کەتیشدا ئەندازەی پێکبەستنی خاکەکەش کەم دەکەتەوە لەکۆتایدا دەبێتە هۆی داڕمانو ڕوخانی هەمو بارستە کە پێکەوە بەئاڕاستەی دامێنی لێژیەکە بەشێوەیەکی خیرا لەکاتێکی کورتداو دەبێتە هۆی ڕامالًین وزیان گەیاندن

بەگشتی ئەم دیاردەیە کاتێک ڕودەدا کە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:1)هەبوونی پێکهاتەی نیشتەنی فشەڵو ناپێکبەستن کەبە خێرای پڕبێتەوە لە ئاو.2)قەدپاڵێک کە لێژیەکەی زۆربێت.3)باران بارینێکی زۆر لەناکاو لەچەند کاتێکی پچڕ پچڕدا.4)نەبون یاخود کەمی ڕووپۆشی ڕوەکی.

# ٣:داکەوتنی بەردو خاک:

ئەم دیاردەیە بەگشتی لە ناوچە وشک و شێدارەکاندا ڕوودەدات وە لەگشت قەد پاڵەکان و لە پشتێنەیەکی فراوانی زۆر لێژدا بەرد یان خاکی قەد پاڵەکە دەجووڵێت و دەکەوێتە خوارەوە بە شێوەیکی بازدان یاخوود داکەوتن و کەوتنە خوارەوەی ڕاستەوخۆ وە بەشێکیش لەو بەردانە بەهۆی کەشکاریەوە جیادەبنەوە بەتایبەت لەو ناوچانەی کە زۆرترین درزو شەقیان تێدایە هەندێک جاریش کە لە ناوچە چیاکاندا ئەم داکەوتنە ڕوودەدات دەبێتە هۆی درووست بوونی بەربەستی سرووشتی لەبەردەم ڕووبارەکان و ئاوی ڕووبارەکان .



BIGSTOCK
Image ID: 381284540
bigstock.com

# ڕۆچوونی زەوی:

٤-ڕۆچوونی زەوی :قەد پاڵی هەندێک لە ناوچە بەرزەکان ڕووبەڕووی ڕۆچوون دەبێتەوە ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە پێکهاتەیەکی فشەڵ لەناو چینە بەردە ڕەقەکاندا هەبێت و کاتێک ئەو پێکهاتە فشەڵە بەهۆی ئاو و بارانەوە دەتوێتەوە بۆشایەک درووست دەبێت و ڕۆدەچێت.


Thank you